# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

ژمارە 10

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFDR www.federasion.org

هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بلاوكراوەیەكی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

13ی كانوونی دووەمی 2008


## یاداشت نامەیەك بۆ پەرلەمانتارەكانی سویسرا

**بەریزان پەرلەمانتاری سویسری**

سلاۆویٚكی گەرم.....

بەناوی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیٚراقییەوە، لە ڕیٚگەی ئەم نامەوە دەمەویٚ نارەزایەتی توندی خۆم ئاراستەی حكومەتی سویسرا بكەم، بەهۆی ئەو بریارەی كە وەزارەتی كاروباری سویسرا داویتی لە 2007-05-04 ناوچەكانی دهۆك، هەولیٚر، سلیٚمانی بە ناوچەیەكی ئارام ناساندووە. گوایە لەم هەریٚمەدا توندوتیژی گشتی نیە وپەنابەران دەتوانن بگەڕیٚنەوە ئەمە لەكاتیٚكدایە بڕیارو لیكدانەوەیەكی ئاوا جگەلەوەی هیچ بناغەیەكی راستی نییە،...B بۆ لایەرە 2

## حكومەتی بەریتانیا و قبرس بەرپرسن لەچارەنووسی 8 پەنابەری عیراقی و ئیرانی !

...B، بۆ لایەرە




## ڕفیوجی كانسل نامە ئاراستەی پەرلەمانی كەندا دەكات بۆ یارمەتی پەنابەرە عیراقییەكان

...B بۆ لایەرە

## هەواڵی بیٚ سەروشیٚون بوونی( دیار ئیبراهیم قادر )و داواكارییەك لە پەنابەرانی شاری ئەمستردام

**سەردانی ماڵ پەری فیدراسیۆن بكەن :**

**www.federasion.org**

## ئەندامیەتی لە فیدراسیۆندا

بەڕیٚز سەركەوت جەلال نامەیەكی ئاڕاستەكردوین كە لەگەل ڕیٚزوپیٚزانیدا بۆ كاروهەلسورانەكانی فیدراسیوندا بەمەبەستی داكۆكیكردن لەمافی پەنابەران...هەروەها داوای مافی ئەندامیەتی دەكات ولیٚماندەپرسیٚت (( ئایا كەسیٚك كە بیەویٚت بیٚتە ئەندامی فیدراسیون چ ئەركیٚكی لەسەرشانە )) بەرلەوەی كە وەلامی پرسیارەكەتان بدەینەوە لەگەل پیرۆزبای كردن لیٚتان بۆ بەئەندام بوون لە فیدراسیوندا هەرووەها دەماونەویت ئەووش بلیٚن كە ئایا بۆ گرنگە كە هەزاران كەسی وەک بەڕیٚزتان ببنە ئەندامی فیدراسیون ؟ دیارە بوونی ڕیٚژەیەكی هەرچی زیاتری پەنابەران ئەم ڕیٚكخراوە لە پیٚگەیەكی بەهیٚزتر بەهرەمەرند دەكات . بۆ نموونە ئەگەر فیدراسیون 10 هەزار ئەندامی هەبیٚت اعتباری لە ئاستی ئورگانە نیودەولەتیەكان و نیهادە پەیوەندرەكاند دەتوانیت كارای و كاریگەیەكی زیاتری هەبیٚت لەئوتۆریتەیەی جدیتر بەهرەمەندمان بكات و وەک تەرفیكی هاوكیٚشەكان دەخالەتیكی جدیتربكات لە چارەنوسی سەدان هەزار پەنابەردا لە بەدەستهیٚنانی مافەكانی پەنابەراندا سەنگەریكی بەهیزوترو كاریگەرتربیت. لەپەیوەند بەچیٚ كردنتان ئەوەیان كات ولیٚبڕان و ئامانجیٚك كە بۆ خۆتان دیارتیان كردوە بەشیك لەوەلامی پرسیارە كەتانە. مەبەستمان ئەوەیە كە دەكریت تۆو هەزاران كەسی تر تەنیا بۆ پشگیری و اعتباری فیدراسیون بەم ریٚكخراوەوە پەیوەست بن لەم ڕیٚگەیەشەوە بەئەندازەی ئەندامیەتی خۆتان دەورتان لەسەر بەهیٚزكردنی فیدراسیون هەبیت . ئەگەر بشتانەویت ئەندامیٚكی چالاک و هەلسوراو بن ئەو دیارە لەڕیٚگەی پەیوەندی بەردەوامتانەوە بە سكرتاریەتی فیدراسیون و كاركردن بۆ كەمپەین وئاماندەكانی ئەم ریكخراوە لە ئاستیكی زۆر فراوانتردا كاریگەری خۆتان دابنین. لەمبارەوە جیگەی خۆیەتی كەچاویٚک بگیٚڕنەوە بەسەر پرسیاری پەنابەریكدا هەفتەنامەی ژمارە 7دا .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دریژەی ... یاداشتنامەیەک بۆ پەرلەمانی سەیسرا

هاوکات کراوەتە بەهانەیەک بۆ شانخالی کردنەوەی حکومەتی سویسرا لەبەرامبەر بەو بریارنامە نیودەوڵەتیانەی کە دەیان ساڵە پەسەندتان کردوەو یەکێک لە شانازیەکانی کارنامەی ئینسانی ئەم وولاتە ناسراوە کە پەسەندکردنی پرۆتۆکۆڵی جنیفی 1951 هەروەها جارنامەی مافی مرۆڤە . ئەم هەڵویست و سیاسەتەی حکومەتی سویسرا بەکردوە هەرەشە لە ژیان و چارەنووسی هەزاران پەنابەری کوردی عێراقی دەکات . تەنانەت حکومەتی سویسرا هەر بەمەوە رانەوەستانەوە کاری گەیاندوە بە شوێنێک کە هەزاران پەنابەری تری عێراقی و یا پەنابەری خەڵکی ووڵاتانی تری لە مافی کارکردن و مافی خوێندن و بەهرەمەندبوون لەگەڵیک لە بیمە کۆمەلایەتیەکان بێ بەشکردوە . کە دیارە ئەمە دوایین ئیستگەی هێرشکردنە سەرپەنابەران نیە ، بەڵکو ناچاریان دەکەن بەوەی کە لە کەمپە گشتیەکانیان بترنچینن و بە تەواوی مانا لە کۆمەڵگای سویسرایان دابرن و دیارە ئەم سیاسەتەش بۆ خۆی کاردانەوە ئاکامی زیانباری تر بەدوای خۆیدا رادەکێشی کە سەرەتایترینیان بەهێزکردن وپەرەدانە بەراسیزم و نژادپەرستی . هەرلێرەشدا دووبارە دەمەوێت بەناوی سەرجەم ئەندامانی فیدراسیۆن وتەواوی پەنابەرانی عێراقی کەلەوڵاتانی ئەوروپا ژیان دەکەن و هەروەها بەناوی کەسوکاری پەنابەرانی کوردەوە کەلە کوردستانەوە لەگەڵ فیدراسیۆن پەیوەندییان گرتووە، نارەزایەتی و نیگەرانی وخۆمان بەرامبەر بەم سیاسەتە حکومەتی سویسرا دەرببرین.

بەرێزان !

خوتان ئاگاداری هەواڵەکانی رۆژانەی....کە چ کوشتارو و کارەساتێک لەسەر خەڵکی عێراق وکوردستان بلاو دەکەنەوە. ئەم کارەسات و رووداوانەش لەدوای شەری یەکەمی کەنداوەوە وبەدریژایی 17 ساڵە دریژەی هەیە و هەمووشیان بەرهەمی سیاسەت ولەشکرکێشی ئەمریکا و هاوپەمانانیەتی کە وڵاتانی ئەوروپا لەپشتی راوەستاون. ئاشکراشە کەرووتیکردنی خەڵکی عێراق وکوردستان بۆ دەرەوەی وڵات .. ئەم راستیەش راستەوخۆ بەرهەمی جەنگ وداگیرکاری وکوشتارو میلیتارزمێکە کەئەمریکا بەسەر خەڵکی عیراقدا دای سەپاندو وەو ژیانی ملیۆنەها ئینسانی گیرۆدەی کارەسات و مەحنەتیکی گەورە کردووە کە لەنێویدا رۆژ نییە دەیان ئینسان لاشەی لەخۆێن هەڵنەکێشرێ.. سەرهەڵدانی شەروکێشمە کیشی ئاینی و تایفی و نەبوونی یاساودەوڵەتیک کە لەعێراق وکوردستان پاریزگاری کۆمەڵایەتی وئاسایش بۆ خەڵکەکەی دابین بکات تیرۆرو کوشتن وئینسان دزین، لەپاڵ لێشاوی بیکاری ونەبوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی.. بەشێوەیەک کە هیچ سیمایەکی مەدەنی لە کۆمەڵگای عیراقدا بەدی ناکرێ. ... نزیک بە 4 ملیون لە خەڵکی عیراق بە هەموو چین و توێژەکانیەوە ئاوارەی وولاتەکانی وەک سوریا... ئەوروپا بوون وئێستاش لەوپەری باری سەخت ونەهامەتیدا دەژین. .... ناوبردنی کوردستان بە ناوچەیەکی ئارام لەبنەرەتەوە هیچ راستیەکی لەپشتەوە نیەو تەنها تەبریریکە بەدەستی دەوڵەتانی ئەوروپا و لەوانەش دەوڵەتی سویسرا تا لەرێگایەوە سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران وگێرانەوەی بەزۆریان پەیرەوی لیبکەن. ئەمە جگەلەوەی شانخالکردنەوەیەکە لەبەرپرسیاریتی ئەم دەولەتانە لەبەرامبەر هەمووئەو ئاسەوارانەی کەلەئاکامی جەنگ و داگیرکار ئەمریکادا بەسەر سەر خەڵکی عێراق وکوردستاندا داسەپیندراوە، هاوکات بازهەڵدانە بەسەر هەموو ئەو بیمافی ونەهامەتیانەی کە خەڵکی کوردستان لەماوەی 17 ساڵی ژیر سایەی دەسەلاتداریتی ئەحزابی کوردیدا تەحەمولیان کردووە. دوو ئەحزابی سەرەکی کە لەکوردستاندا بەپشتیوانی سیاسەتی جەنگی ئەمریکا لەناوچەکەدا خوی راگرتووە، بەدەوری خۆی کوردستانیان لە ناجێگیری و نادیاری و سەرگەردانیەکی ئاشکرادا راگرتووە ئەگەر تووندو تیژی گشتی نەبێت ئەوا بە تاکید ئاسایش وئارامی گشتیش نی یە، لە کوردستان نەدەوڵەتێک لەئارادایەدا کەخەڵکی کوردستان لەمەترسی دەستدرێژی دەوڵەتانی ناوچەکە لەوانە ئێران وتورکیا و لەشکر کیشی رۆژانەیان بپارێزێ، وە نە سیستەم و دەسەڵاتیکی مەدەنی لەسەر کارە کەماف وئازادی یەکان وپێداویستیەکانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان دابین بکات. دەسەڵاتێک کە لەگەندەلی و فەسادی ئیداری و کۆمەلایەتی غەرق بووە، رۆژانە دەستدرێژی بیسنوری هەیە بۆ سەرمافەکانی خەڵکی کوردستان ورۆژانە لەهەوڵی زیندانیکردن وبێ سەروشوێن کردن و راوونانی خەڵکی نارازی ونەیارە بەو دەسەڵاتە. تەقەکردن لەخۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵکو پێشیلکاری بەرامبەر بە مافەکانی ژنان منداڵان، تا دەگات بە بەردەبارانکردنی ژنانو ژن کوشتن و ئیغتسابکردنی ژنان لە لایەن بەرپرسیارەکانی ئەم دوو حزبەوە بۆتە مۆدێک کە تەنانەت دەزگاکانی راگەیاندن لەکوردستان و لەجیهاندا ناتوان بەردەپۆشی بکەن و ئەم بێ مافیەی ژنان بشارنەوە. تووندکرنەوەی سەرکوتی سیاسی ونارەزایەتی بەرهەقی جەماوەری وگرتن وراوونانی هەڵسوراوان وریکخەرانی خۆپیشاندانەکان ودەستگیرو زیندانی کردنیان .. ئەمانە نموونەیەکی چکۆلەیە لەدەسەڵاتی سەرکوتگەری لە کوردستان وفاکتۆرێکە کە نائارامیی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا دەسەلمێنن و دەیهێڵنەوە. رۆژنامەنووسان دەرفینرێن بەبێ هیچ پرۆسەیەکی یاسای ورەوانەی زیندانەکان دەکرێن. ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی لایەنگری لەخواستی بەرهەقی خەڵک بکەن لیدەدرێن وسەرکوت دەکرین وئازادی هەڵسورانی سیاسیان لێ قەدەغەدەکرێ.. هەموو ئەم واقعیەتانەش هۆکارێکن کە تا ئێستاو رۆژانە پاڵ دەنی بە دەیان و سەدان گەنج و لاوە بەهەڵهاتن لە کوردستان و رووکردنە ژیانی ئاوارەیی و پەنابەریتی.

بۆیە ئێمە داواکارین لە رێگەی ئێوەوە فشار بخەنەسەر حکومەتی سویسرا و ئەو بریارە هەڵبوەشێنەوەو بە چاوێکی ئینسانییەوە لەو کێشانە بروانن و مافی پەنابەری بدەنە پەنابەرانی کوردی عێراقی و ئەم زەختن زۆرە لەسەر پەنابەرانی کوردی عێراقی هەڵگرن، لەو بارەیەشەوە ئامادەین لەنزیکەوە هاوکاری بکەین لەسەر کەیسەکانی پەنابەران و کێشەکانیان بتان بینین و یارمەتی بدەین بۆ هەر زانیاریەکی زیاتر. لەگەڵ رێزمدا

دەشتی جەمال سکرتێری

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی 9-1-2008

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## دەمەوێ ببمە ئەندامی فیدراسیون !

**بۆ فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**
**بەسلاو ڕێزێکی زۆرەوە**

بەڕێزان من کەناوم سەرکەوت جەبار دانیشووی وولاتی فنلاندم یەکێکم لەو پەنابەرانەی کە بە هاوکاری و هەوڵ و هیمەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند پاش چەند مانگێک توانم مافی پەنابەری بەدەست بهێنم. کە لە ڕاستیدا ئەم ڕۆژانە هەست دەکەم کە لە خەمێکی گەورە ڕەخساوم چوونکە هەر ئێستە هەزاران ئینسان بۆ بەدەستهێنانی مافی پەنابەری دووچاری گەورەترین کێشەو گیروگرفت و بارگرانی بوون . ئەوەی کە من ئێستە هەست بە ئارامی و دلنیایەک دەکەم دەبێت بلێم جێگەی ڕێکخراوەکەی ئێوە بەرز دەنرخێنم و من یەکیکم لەو کەسانەی کە دەبیت بلیم کەڕێکخراوەکەتان دەوری هەبووە لە ژیانی پەنابەری مندا، وەک ئەوەی کە بەهەمان شێوە ئەم فیدراسیونە دەوری هەبووە لە ژیانی سەدان و ڕەنگە بلێم هەزاران پەنابەری تریشدا.

هەربۆیە لەم ڕۆژانەدا بیرم لەوە کردەوە کە منیش ببمە ئەندامی فیدراسیون تا هەر نەبێت ویژدانی خۆم راحەت بکەم وە لە ڕیگەی ئەندام بوونمەوە بتوانم ئەوەی کە پێم دەکرێت بیکەم. بۆیە زۆر خۆشحاڵ دەبم کە ئێوەی بەڕێز لەمبارەوە بتوانن ڕێنمایم بکەن بۆ ئەوەی کە بزانم کە ئایا کەسێک کە بیەوێت بێتە ئەندامی فیدراسیون چ ئەرکێکی لەسەرشانە چی بکەم ؟

لەگەل ئەم نامەدا ئابونمای ئەندامیەتی سالیێکیشم بۆ ناردن بە هیوام سەدان پەنابەری تر ببنە ئەندامی ئەم ریکخراوە چونکە بەهێزکردنی لە بەرژەوەندی هەموو ئێمەی پەنابەراندایە !

سەرکەوت جەلال

" " " " " " " " " " " "

## حکومەتی بەریتانیا و قبرس بەرپرسن لەچارەنووسی 8 پەنابەری عیراقی و ئیرانی !

بەپێی هەواڵێک کە لەماڵپەڕی (عصر ایران) بلاوکراوەتەوە، 7 پەنابەری عیراقی و پەنابەریێکی ئێرانی ماوەی7 ساڵە لە ناوچەیەکدا لەژێر چاودێری فەرماندەی پایەگایەکی سەربازی بەریتانیا لە قبرس ژیان بەسەر دەبەن. بەلام ئەم پەنابەرانە ئێستە ڕووبەڕوی بڕیاری دیپۆرتکردنەوە بوونەتەوە بۆعیراق. بۆیە بەنیشانەی نارەزایەتی دەبڕین دەستیان داوەتە هەڕەشەی خۆکوشتن دژ بە پشتگوێ خستنی داواکاریەکانیان کە وەرگرتنی (پاسپۆرتی بەریتانی،یا بەهرەمەندبوون لەمافی پەنابەری). بۆ ئەم مەبەستە هەموو ئەم پەنابەرانە خۆیان گەیاندوەتە سەربورجی 14 مەتری پاگای سەربازی بەریتانیا لەقبرس وە هەڕەشەی خۆهەڵدانە خوارەوەیان کردوە ئەگەر بێت داواکاریەکانیان جێ بەجێ نەکریت .

کید شاکر نووێنەری پەنابەرانی ناڕازی ڕایگەیاند کە ((لەماوەی 7 ساڵی ڕابردودا لەترسی دەرکردن و دیپۆرت کردنەوە ناچاربوون بەوەی کە مل بدەین بە سەخترین کاری تاقەت پرۆکین،لە لەکاتێکدا کە تائێستە معاشی ئەم کەسانە لەبەرچاو نەگیراوەو پاش هەموو ئەم نەهامەتیانەش بڕیاری دیپۆرتکردنەوەیان بۆ عیراق دەرچووە. )) ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرباری ئەوەی لێپسراوان تائیستە هیچ پەرچەکرداریێکیان لەبەرامبەر بەم هەڕەشەیە نەنواندوەو پشت گۆیان خستووە هەروەها "نیک اولورت" قسەکەری هێزە سەربازیەکانی بەریتانیاش لەچاوپیکەوتنێکدا لەگەڵ هەوالنێرێکی فەرەنسی ڕایگەیاند کە (( ئەمانە هەوڵ دەدەن کە لەڕیگەی تەهیدکردن بەخۆکوشتنەوە باج لە ئێمە وەربگرن کە ئەمە کارێکی زۆر ناسەنجیدەو نامسولانەیە )).

ئەم ڕۆژانە سەرباری بریاری دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران، دەست بەسەرگرتن و سزادان و کەلەپچەکردن و توندوتیژی نواندن لەبەرامبەر بە پەنابەرانی کوردو عیراقیدا بووتە بەشێک لە کارنامەی دژی پەنابەری ئەم حکومەتانەو هیچ درێخیەکیان نەکردوە لە پەنابردن بۆ هەرجۆرە ڕێگەیەکی نا ئینسانی بۆ گوشارخستنە سەر پەنابەران و ناچارکردنیان بۆ ئەم وولات و ئەو وولات کردن و یا هەراسانکردنیان بەرادەیەک کە تەنانەت پەنا بۆ گەرانەوە بەرەو عیراق وکوردستان بەرن . ئەوەی لەم هەوالەدا بەرچاماون دەکەویت ڕەنگە شێوازێکی نوێ نەبیت دژ بە پەنابەران جگەلەوەی کە دەنگی ئەم ئینسانانە کەمتر بەگوێ مان دەگات و کەمتر کەسان و لایەن و نیهادیکی پەیوەندار خۆیان دەکەن بە خاوەنی ئەم کیشانە. 7 سال کارکردنی تاقەت پرۆکین بەقیمەتی ئەوەی کە هەر دیپۆت نەکرێنەوە هیچ شتێک نیە جۆرێک لە گەڕانەوەی بۆ سەدەکانی ناوەراست و نیزامی بەربەریەت نەبیت ... گالتەجاریەک کەلەپال ئەمەشدا خۆ دەنوونیت ئەوەیە کە هێشتا بەرپرسی هێزە سەربازیەکانی بەریتانیا لەم ناوچەدا نارەزایەتی دەربرینی پەنابەرن بە ناسەنجیدەوە نامسولانە ناوزەد دەکات و بێ باک لەوەی کە ئاخۆ سەرئەنجام ئەم پەنابەرانە بە چ نەتیجەیەک دەگەن و ئاغای نیک اولورت چاوەرانی خۆهەلدانە خوارەوەی پەنابەرانە . بەلام ئایا ئەو کاتە کێ بەرپرسیارە لەگیان لەدەستدانی ئەم پەنابەرانە ؟

جیاواز لە هەرجۆرە شانخاڵی کردنەوەیەکی هێزە بەرپرسەکانی حکومەتی بەریتانیا لەم ناوچەیەدا، هەروەها بەسەربردنی 7سال ژیانی پەنابەری بەبێ بەهرەمەندبوون لە مافی پەنابەری بەتاوانێکی گەرەیە دەزانین، بۆیە ئێمە وەک فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەباری نارەزایەتی دەربڕینی توندمان دژ بەبڕیاری دیپۆرتکردنەوەی ئەم پەنابەرانە هەروەها پێ لەسەر بەهرەمەندکردنیان لە مافی پەنابەری دادەگرین و خوازیاری قەربووکردنەوەی زەرەو زیانەکانی 7سال کارپێ کردنی هەموو ئەم پەنابەرانەین.

سکرتاریەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

**2008/ 1/12**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## داواکاریەك لە پەنابەرانی دانیشتووی شاری ئەمستردام



ئەم وێنەی ( دیار ئیبراهیم قادر ) خەڵـکی کەرکووکـە گەرەکی شۆڕیجە ، هاوڵاتی وولاتی هۆڵەندایە لەدایك بووی 1.7.1957 لە سـاڵی 1988 بەدوا لەهۆڵـەند لەشـاری ئەمـستردام بووە لە مانـگی 11.2004 چـووە بۆ ئەمـریکا لەشـاری فـیلادلفیا لەگەڵ ئافرەتێکی ئەمریکی بەناوی نینا یان ئەنیا . دوا تەلەفوونی مانگی 2.2005 بووە. ئیتر لەوە بەدوواوە بێسەرو شوێنە . تکا دەکەین هەر کەسێک هەواڵی دەزانێت ئاگادارمان بکاتەوە چوونکە کەس و کاری هەموویان لە کوردستان ناتوانن بەدوایدا بگەڕێن، هەروەها داوا لە هەموو ئەو ڕێکخراوە کوردیانە دەکەین هاوکاریمان بکەن ئەمەش ناونیشانی بووە لە هۆڵندە :

**diyar kadir**
**bontekoestr 3**
**1013 RB Amsterdam**

**تکایە پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلفونی کاك بەرزان لە سوید 0046707560411 یا 004631871428 یان بۆ ئیمیل : [barzan1960@yahoo.com](mailto:barzan1960@yahoo.com)**

**b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b**

**هەواڵی بێ سەروشێون بوونی( دیار ئیبراهیم قادر ) و**

**داواکارییەك لە پەنابەرانی شاری ئەمستردام**

**بۆ ساتیك بیهێنە بەرچاوی خۆت گەر هەرکام لە ئێمە بۆ ماوەی چەند ساڵێك هەواڵیكمان نەبێت لە ئەزیزێکی خۆمان ، ئاخۆ بە چ ڕادەیەك نیگەران و پەشێوین . ئێستە خزانی ( دیار ئیبراهیم قادر ) ماوەی نزیك بە سێ ساڵە هەواڵێکیان لەشوێن پێ و چارەنووسی ژیانی ئەزیزیکیان نیە . ئایا دەکرێت کەسانێك کە دوورو نزیك هەرجۆرە ئاگاداریەکیان هەیە لە چارەنووسی نارۆشنی دیار ئیبراهیم ، ئەم خێزانەی لێ ئاگاداربکاتەوە لەم ڕێگەوە تەوقی چاوەڕوانی و دڵە ڕاوکەی بەدواچوونی کورەکەیان ڕزگاریان بکەن .**

**ئێمە لەمبارەوە داواکارین لە پەنابەرانێك کەلە شاری ئەمستەردام نیشتەجێن و دوورونزیك دیار ئیبراهیم قادر دەناسن یا لە رووی ئینسانیەوە دەیانەوێت لەکەمکردنەوەی معاناتی ئەم خێزانەدا بەشداری بکەن ئەوا دەکرێت دست بەجێ پەیوەندی بکەن بە ئێمەوە بۆ ئەوەی هەندێك ڕێنمای و ڕوونکردنەوە بخەینە بەردەستان بۆ ئاسانکاری چۆنیەتی لێکۆڵینەوەو بەدواچوون لە پەیوەند بە ژیان و چارەنووسی ئەم ئینسانەدا . بەهیواین دینەمۆی ئینسان دۆستیتان تا ئەو شوێنە بەهێز بێت کە بەتەنگەوە چوونی ئەم بانگەوازە ویژدانتان بجولێنیت و بە زووترین کات پەیوەندیمان پیوە بکەن بۆ هەنگاو هەڵهێنانەوە بەدوای چارەنووسی ئینسانیکدا .**

**سکرتاریەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

11.1.2008

**دەتوانن پەیوەند بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە**

**دەشتی جەمال**
d.jamal@ntlworl.com
**جەمال کۆشش**
jamal-hasan@hotmail.com
**بابان عسمان:**
badasoz74@hotmail.com
**جاسم غفور**
jasm_rg@yahoo.couk
**عمر ئەمین**
omaramin8@hotmail.com
**ئاسۆ گۆران :**
asobalabarz116@hotmail.com
**سۆزان حسین :**
irakco@hotmail.com
**ڕێبوار عارف :**
fediraq@welho.com

**ناونیشانی پۆستی سکرتاریەت**

**IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK**

**" " " " " " " " " " " " "**

**هەفتەنامەی فیدراسیون بخوێننەوەو بیگەیەنن بەدۆستان وناشنایانی دەوروبەرتان، ڕاپۆرت و هەواڵ و چالاکیەکانی خۆتانی بۆ بنێرن و پرسیارو پێشنیارەکانتان بخەنەروو ، بەدڵنیای لەبەرچاویان دەگرین و وەڵامیان دەدەینەوە !**

**سەرنووسەری هەفتەنامەی فیدراسیۆن**
**ڕێبوار عارف Tel: 00358 440464905**

**فۆرمی ئەندامیەتی لە فیدراسیۆن**

**ناوی سیانی :**
**مێژووی لەدایك بوون :**
**ناوی شار و وولات :**
**ناونیشانی شوینی نیشتەجێبوونی ئیستە**
**ژمارەی تەلەفون :**
**ئیمەیل یا ژمارەی فاکس :**

**ئابوونەوەی ئەندامیەتی لە فیدراسیوندا ساڵانە بڕی 20 ئیرۆیە ئەگەر کەسێك بەهۆی بەهرەمەند نەبوونی لە بیمەی بیکاری یا گرفتی ئابوورییەوە نەتوانێت ئابوونەوە بدات ، ئەوا دەکریت سکرتاریەتی فیدراسیون ئاگادارکاتەوە تا لە دانی ئابوونەوەی ساڵانەی فیدراسیون ببەخشرێت !**

**دەتوانم ئابوونەوەی ساڵانەی فیدراسیون بدەم R    ناتوانم ئابوونەوەی ساڵانەی فیدراسیون بدەم Q**

**کات و شوینی داواکردنی ئەندامیەتی فیدراسیون    واژۆ**

PDF created with pdfFactory trial version [www.pdffactory.com](http://www.pdffactory.com)